# ڕیپۆرتاجێک سەبارەت بە خۆپیشاندانی سەرتاسەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بۆ بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**لە ڕۆژەکانی 5 و 6 –1–2007 لە زۆریک لە وولاتەکانی ئەوروپا هەروا کەنەدا خۆپیشاندانی سەرتاسەری بە بۆنەی دەرچوونی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی بەیکەر–هاملتۆن و بۆ بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە بانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بەرپا کرا.**

**لەم خۆپیشاندانانە یاداشتیک بە ناوی خۆپیشاندانەوە تەسلیم بە سەفارەتەکانی ئەمریکا کرا. خۆپیشاندان لەم وولاتانەی خوارەوە ئەنجامدرا:**

## بەریتانیا، لەندەن:

ریکخراوی بەریتانیا ڕۆژی هەینی 5-1 خۆپیشاندانی لەبەرامبەر سەفارەتی ئەمریکی بەئامادەبونی ئەندامان و دۆستان و هاوریانیک لەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حکمتیست ئەنجام دا، ئەم خۆپیشاندانە بەبەرزکردنەوەی شیعارەکانی: نا بۆ بۆش، نا بۆ بیکەر هاملتۆن، بەلی بۆ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، No to Bush، No to Baker-HamiltonYes to a Referendum for Kurdistan's Independence

بەزمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و هەروەها ووتەیەکی کورت بەزمانی ئینگلیزی، بەبەردەوامی لەگەل شیعارەکاندا ئەوترایەوە، کە ئەو شیعارو وتەیە دەبوە شوینی سەرنجی سەدان کەس کەبەو ناوەدا هاتوچویان دەکرد.

بەدوایدا هەیئەتیک لەکۆمیتەی بەریتانیا کەپیکهاتبوو لەهاوریان ( پرشنگ ئەحمەد، دەشتی جمال و نوری بەشیر ) چاویان کەوت بەنوینەری سەفارەتی ئەمەریکی لەبەریتانیا، یاداشتی ناڕەزایەتی خۆپیشاندەرانیان تەسلیم بە سەفارەت کرد کە تیایدا ناڕەزایەتی لەبەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق و کوردستان بەیانکرابوو و ریگاچارەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەئکید کرابۆوە. هەروەها هەیئەتەکە قسەوباسیکی کورتی لەگەل نوینەری سەفارەتی ئەمریکا کرد سەبارەت بەراپۆرتی بیکەر هاملتۆن و سیاسەتیک کە ئەمریکا بەرامبەر بەکوردستان گرتویەتە بەر. وە ریگا چارەی حیزبیان بۆ ئایندەی کوردستان خستە روو.

خۆپیشاندانەکە بەدوای دانی شیعاریکی زۆر و قسەوباسیکی کورتی پرشنگ ئەحمەد لیپرسراوی کۆمیتە لەسەر چاوپیکەوتنی هەیئەتەکە لەگەل نوینەری سەفارەت، بۆ ئامادەبوان، کۆتایی پی هات.

## سوید، ستۆکهۆلم:

بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئازادیخوازان و خوازیارانی ریفراندۆم سەعات 1.30ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی 5-1 کۆمیتەی ستۆکهۆلمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر سیاسسەتی ئەمریکا لە کوردستان و عیراق و بۆ خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لە بەرامبەر سەفارەتی ئەمریکا خۆپیشاندانێکی سازدا. لە سەرەتای ئەم خۆپیشاندانە شەمال علی قسەوباسی بۆ ئامادەبووان کرد و تیایدا ئاماژەی بە بایەخی خۆپیشاندان بۆ خواستی ریفراندۆم کرد و ووتی ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەبێت جەماوەری کوردستان بۆ بەرگرتن بە کارەساتێکی تر، کە وەک بەرهەمی فەشەلی سیاسەتی ئەمریکا و فەشەلی هاوکاتی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان مومکینە بێتە کایەوە، بگیرێتە بەر. هەروا تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە ئەمە سەرەتای کارمانە و دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بین کە خۆپیشاندانی فراوانتر و گەورەتر ئەنجامبدەین تاکو ئەم خواستە بەرهەقەی خەڵکی کوردستان بە گوێی دنیا بگەیەنین.

پاشان یاداشتێک کە ئامادە کرابوو لە لایەن شەماڵ علی بە زمانی کوردی بۆ ئامادەبووان خوێندرایەوە. هەروا هەڵالە ڕافع بە زمانی سویدی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکە بۆ ئامادەبووان قسەو باسی کرد. پاش ئەوە شەماڵ علی بە نوینەرایەتی خۆپیشاندەران یاداشتی ناڕەزایەتی پێشکەش بە نوێنەری سەفیری ئەمریکا لە سوید کرد و لە قسەوباسێکی کورتدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە نە سیاسەتی چەندین ساڵەی ئەمریکا لە بەرامبەر عیراق و کوردستان و نە سیاسەتێک کە ئەگەری ئەوە هەیە بە دوای ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتۆن

بگیرێته بەر جێگای قبووڵی خەڵکی کوردستان نییە و خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەوەن کە ئەو مافەیان پێ بدرێت کە لە ریفراندۆمێکی ئازاددا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. هەروا ووتی کە ئەمریکا وەک هێزێک کە عیراقی داگیرکردووە دەبێت چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا لەوانە سیاسەتی بەزۆر ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە عیراقێکی قەومی عەرەبییەوە بخشێنێتەوە. نوێنەری سەفیر بەڵێنی دا کە هەم یاداشتەکە و هەم ناوەرۆکی ئەو قسەوباسانەی کرا لە ڕێگای سەفیرەوە کە بۆ پشووی سەری ساڵ چووبووەوە بۆ واشنتۆن بە ئیدارەی ئەمریکا بگەیەنێت.

خۆپیشاندان کە تیایدا هوتافی وەک : (ئەمەیە خواستی هەمووان، ریفراندۆم، سەربەخۆیی کوردستان) ، (مافی خەڵکی کوردستانە مافێکی سەرەتایی، ریفراندۆمی ئازاد و بڕیاردانی جیایی) (نا بۆ فیدرالیزم، نا بۆ بەیکەر-هاملتۆن، بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان) دەووترایەوە، دوای نزیکەی سەعاتێک کۆتایی پێهات.

## سوید، یەتۆبۆری:

کۆمیتەی یۆتۆبۆری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق  ڕۆژی هەینی 2007/1/5 ئاکسیۆنێکی لەنێو سەنتەری شاری یۆتۆبۆری ، لە (برونس پارکن)، سازدا.

ئەم خۆپیشاندانە لە ژێر درووشمی (ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان هەرئێستا وەڵامی ئێمەیە بەبۆش وبێکەر هاملتۆن) کە بەلافیتەیەکی گەورە بە زمانی سویدی نوسرابوو ئەنجامدرا، هاوکات بە بڵاو کردنەوەی سەدان بەیاننامەی حیزب بەزمانی سویدی سەرنجی ڕیبواران و ئامادەبووان بەرەو ناوەرۆکی خواستی خۆپیشاندانەکە ڕاکێشراوو چەندین پرسیار وگفتوو گۆ لە لایەن ئامادە بووانەوە ڕو بەڕوی هاوڕێیانێک کرایەوە کە لەوێ ئامادەبون، ئەمەو ئاکسیۆنەکە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاندوو سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

## فنلاندا، هیلسینکی

هەر لە هەمان ڕۆژ کۆمیتەی فینلاندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە ناو سەنتەری شاری هلسنکییەوە وێڕای ووتنەوەی هوتافات ڕێپێوانێکی بەرەوە سەفارت بەڕێخست.

لە بەردەمی سەفارەت سەرەتا هاوڕێ مستەفا باهر بەناوی کۆمیتەی فنلاندای حزبەوە بە خێرهاتنی بەشدار بوانی کرد و پاشان قسەی بۆ بەشدار بوان کرد کە تیایدا باسی وەزعی نالەباری دانیشتوانی کوردستانی کرد لە لایەن حکومەتە مەرکەزیە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقەوە دانیشتوانی کوردستان توشی چ کارەساتیک بوون. هەروا وتی فیدرالیزم دادی خەلکی کوردستان نادات و تەنها ڕیگا بۆ ئەوەی کوردستان رزگاری بێت لەو زولمو زۆرە پێویستە کە دەولەتی سەربەخۆی هەبێ.هەروا ووتی کە ریفراندۆم هەقیکی رەوای خەلکە وە پێویستە ئەمریکا ئەم هەقە بە رەسمی بناسێت. لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە تەواوی ئازادیخوازانی کوردستان کرد کە شان بە شانی حزب بێنە مەیدان بۆ وەدیهینانی ئەم داخوازیە.

پاشان دوو کەس لە نوێنەری سەفارەتی ئەمەریکا هاتنە لای ئامادە بوان، لە لایەن هاوڕێ جمال صالح وە ئالا فرج پێشوازیان لی کرا ویاداشتەکەیان تەسلیم کرد. نوێنەرانی سەفارەت بەڵێنیان دا کە پاش گەرانەوەی سەفیر کە بۆ پشوی سەری ساڵ چووەتەوە ئەمەریکا، یاداشتەکەی تەسلیم بکەن.

شایانی باسە خۆپیشاندانەکە پاش ماوەی نیو سەعات مانەوە لە بەردەم سەفارەتدا کۆتایی هات.

## هۆڵەندا، دەنهاغ

بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی دژ بە ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆن و بەرزکردنەوەی خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کۆمیتەی هۆڵەندای حزب خۆپیشاندانێکی هیمنانەی سازدا بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە شاری دەنهاغ.

وەک بڕیاردرابوو سەعات 13:00 لە مەیدانی نزیک سەنترال ستاشیۆن هاوڕێیانی حیزب پیشوازیان لە خۆپیشاندەران کرد. کاتژمیر 14:00 ڕێپێوان دەستپێیکرد. لافتەیەکی گەورە کە بە ئینگلیزی لەسەری نووسرابوو "نا بۆ بۆش، نا بۆ بیکەر-هاملتۆن...بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" لە پێشەوەی ڕێپێوانەکەدا بەرزکرابۆوەو لەگەڵ دەنگی مۆسیقاو شاورلیدان سەرنجی دەوروبەری ڕاکیشابوو. ڕێپێوان کە گەیشتە بەردەم سەفارەت بۆ ماوەی 40 دەقیقە بە هوتافکێشان سەرنجی دەوورووبەری ڕاکێشا. خۆپیشاندەران چەندین پلاکارتی کوردییان بەرزکردبۆوە کە ئەم شیعارانەی لەسەر نووسرابوو: " ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی خواستی خەڵکی کوردستان"،

"ئامانەوێ ..نامانەوێ کوردستان بچێتەوە سەر عیراق"، "بژی خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"و "ڕێی ڕزگاری کوردستان.. ڕیفراندۆمە.. ڕیفراندۆم".

(گۆران رشید) بە نوێنەرایەتی خۆپیشاندانەکە یاداشتنامەیەکی تایبەتی پیشکەشکرد بە سەفارەت و داوای لێکردن کە بەشێوەیەکی ڕەسمی وەڵامی ئەو یاداشتنامەیە بدەنەوە. نوینەری سەفارەتیش بەلینی دا کە بە خیرایی وەڵام بدەنەوە.

جیگای ووتنە کە سەرەرای ئەوەی ڕۆژی خۆپیشاندان هەینی بوو و کوردەکانی هۆلەنداش سەرقالی کارکردن بوون، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی خەلک ئامادەی ئاکسیۆنەکە بوون.

## سویسرا، بێرن

کۆمیتەی سویسرای حزب لەرۆژی 1.6 دا لەشاری بێرن لەکاتژمێر14 ڕێپێوانێکی سازدا، کە لە هێلڤاتیاپلاتزەوە دەستی پێکرد بەرەو سەفارەتی ئەمریکی. لەبەردەم سەفارەت شیعاری (نا بۆ بۆش ، نا بۆ بەیکەر-هاملتۆن ، بەڵی بۆریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان)، (ئەمەیە خواستی هەموان، ریفراندۆم، سەربەخۆیی کوردستان) بەدەنگی بەرز دەوترایەوە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە،

نەبەز سلیم سکرتێری کۆمیتە وێرای بەخێرهاتنی ئامادەبووان باسی تقریری بەیکەر-هاملتونی کردو خواستی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستانی وەک بەدیلێکی عملی خستە روو. ئەمە و خۆپێشاندانەکە لە ناو شۆرو شەوقێ ئامادەبووان سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

شایانی باسە وەفدی کۆمیتە پێشتر سەفارەتیان ئاگادار کردبۆوە بۆ قسەوباس و پێدانی نامەی نارەزایەتی بەسەفیر، کە لە وەڵامدا کاربەدەستانی سەفارەت داوایانکردبوو کە رۆژی 2شەممە و پاش ئەوەی سەفیر دەگەڕیتەوە مەوعد دادەنێن بۆ یەکتر بینین، کۆمیتەش ئەم پێشنیارەی قبوڵ کرد.

## نەرویج، ئۆسلۆ

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 06.01.2007 ڕێکخراوی نەرویجی حزب بۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکاو ڕاپۆرتەکەی بەیکەر_هاملتۆن، لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکادا لە ئۆسلۆ کۆبۆوە. تیایدا لافیتەیەکی گەورە و چەندین تراکت بەرزکرابوونەوە بۆ تەئکیدکردنەوە لەسەر بە ڕەسمی ناسینی ڕیفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان و بڕیاردان لەسەر جیابوونەوەی کوردستان. پاش نزیکەی سەعاتێک کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات...

## کەنەدا، تۆرنتۆ

کۆمیتەی تۆرنتۆی حزب پاشنیوەڕۆی شەممە 6-1 خۆپیشاندانێکی لەبەردەم قونسولیەتی ئەمریکا سازدا کە تیایدا کۆمەڵێک پلاکارد و دروشم بۆ خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزکرایەوە.

## کۆمیتەی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

## 07-01-2007